رۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی رۆژانەی كشتی سەربەخۆی كوردیە
www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 4-11-2007 18:41

## بی ئەوەی دەستپێبكات، كورد شەڕێكی گرنگی بردەوە. ... مەریوان نەقشبەندی

هێشتا ئەگەری لەشكركێشی بۆ سەر هەرێمی كوردستان لەلایەن سوپای توركیاوە ماوە و رەنگە حكومەتی ئەنكەرە هەروا بەخۆرایی ئەو (150) هەزار سەربازەی لەسەر سنووری هەرێمی كوردستان كۆنەكردبێتەوە، بەڵام لەشكركێشی بكرێت یان نا، تازە روبەروبونەوە سیاسیەكە بەعەمەلی رویداوە و لەبەرامبەر نارەزاییەكی كوردستانی و عیراقی و جیهانیی سەبارەت بەبەكارهێنانی هێزی سەربازی بۆ لەناوبردنی پارتی كرێكارانی كوردستان، هێشتا دەنگۆیەك یان پشتگیریەكی لاوازی ئیقلیمی و ناوخۆیی توركیا بۆ ئەنجامدانی كردەوەیەكی سەربازی لەهەرێمی كوردستاندا لەئارادایە، هەروەك چاوەرێش دەكرا توركیا بەبی ئەمریكا ناتوانێت هەرەشەكانی لەهەرێمی كوردستان جێبەجێبكات و ساردبوونەوەی یان دامركانی كەفوكوڵی توركیا بۆ لەشكركێشی و بەكارهێنانی هێزی سەربازی لەهەرێمی كوردستاندا نیشانەی ئەوەیە كە هێشتا حكومەت وسوپای توركیا دڵنیا نین لەئەنجامەكانی لەشكركێشی بۆ سەر هەرێمی كوردستان و خەریكە قەناعەت دەكەن كە لەدانانی ئاوازی جەنگ دژی چەكدارانی پەكەكە لەناو هەرێمی كوردستاندا بەتەنهان و رەنگە دوای سەردانەكەی ئەردۆگان بۆ ئەمریكا هەموو یان زۆربەی كارتەكانی شەڕ لەهەرێمی كوردستاندا بسوتێ، گۆندالیزا رایس لەسەردانەكەی بۆ توركیا زۆر بەڕوونی پەیامێكی راستەوخۆی بە ئەردۆگان و مالكی دا كاتێك لەكۆنگرە رۆژنامەنووسیەكەیدا لەگەڵ ئەردۆگان باسی لەزەرورەتی بەشداریكردنی كورد و حكومەتی هەرێمی كوردستانی لەچارەسەركردنی ئاشتیانەی ئەم تەنگژەیە كرد و سەرەرای ناوهێنانی پەكەكە بەتیرۆرست (بۆ رازیكردن و دڵدانەوەی توركیا) بەڵام زۆر جدی بوو لەرەتكردنەوەی هەر كردەوەیەكی سەربازی و لەشكركێشی بۆ سەر هەرێمی كوردستان، ئەمەش بەو مانایە دێت كە سنوورەكانی هەرێمی كوردستان هێڵی سوورە و پاراستنی هەرێمەكە بەشێكە لەستراتیژیەتی ئەمریكا لەرۆژهەڵاتی ناوەراستتدا، كەواتە كورد لەم تەنگژەیەدا شەڕێكی دبلۆماسی ئیقلیمی بردەوە و هەموو لێدوان و چاوپێكەوتنەكانی سەرۆك بارزانی تەئكیدیان لەم ئەنجامە دەكردەوە كە خەریكە پێیدەگەین، نزیكەی چوار هەفتەیە هەموو جیهان بە سیاسەتوان و ئابووریناس و ژەنەراڵ و كەناڵەكانی راگەیاندنەوە باس و شرۆڤەی هەرەشەكانی توركیا و هەڵوێستی كورد دەكەن و هەموو مانشێتەكان دەنوسرێن (كێشەی توركیا و كورد)، پەرلەمانی توركیاش هەر لەسەرەتای ئەم هەرەشانەی دواییەوە دۆسێی لەشكركێشی بۆ سەر هەرێمی كوردستانی كردە ماڵ لەسەرخۆی و لەمەودوا توركێك نەماوە نەزانێت لەوڵاتەكەیدا كێشەیەكی نەتەوەیی هەیە و دەبی چارەسەر بكرێت، حیكمەتی سەركردایەتی سیاسی گەلی كورد و هەڵوێستە ژیرەكانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان لەروبەڕووبونەوەی ئەم هەرەشانەی توركیا، بەتەواوەتی لەبەرژەوەندی كورد و ئەزموونی هەرێمی كوردستان شكایەوە و جگەلەوەی لەرووی نەتەوەیی و سیاسیەوە ماڵی كوردی یەكخستەوە، خەڵكی كوردستانیش بەشێكی زۆر لەو كەموكوڕیانەی لەبیرچوەوە كە لەئەدائی حكومەت و كەمی خزمەتگوزاریە گشتیەكان وپەیوەندی نێوان جەماوەر و حزبەكانی كوردستاندا هەبوو، بۆ دەتوانین لەمەودوا دڵنیابین كە گەلێك سەركردەكانی توانای روبەرووبوونەوەیەكی دبلۆماسی و سیاسی لەقەبارەی ئەم تەنگژەیەی دوایی بوبێت و تیایدا سەركەوێت، زۆر ئاساییە لەكێشە ناوخۆییەكانیشدا بەئیمتیاز دەربچێت و باشترین خزمەتگوزاری و ئایندەیەكی سیاسی و ئابووری پرشنگدار بۆ خەڵكی كوردستان پێشكەش بكات.

naqshbandy@gmail. com

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.